## د. ئەیاد سامەرایی

**جێگری سەرۆکی حیزبی ئیسلامی عێراقی لە دیدارێکی تایبەت بە لڤین**

# دەستوری عێراق دەستورێکی پەرتکەرە ، ئێمە تێبینیمان هەیە لەسەر دابەشکردنی

# دەسەڵاتەکان و سەروەتی عێراق و شوناسی عەرەبی عێراق

**دیداری سەلاح محەمەد - بەغدا**



**هەرکردەیەکی سەربازی دامودەزگا و بارەگا بیانییەکان بگرێتەوە بە مقاوەمەی دەزانین**

بەرەی تەوافوقی عێراقی بەرەیەکی دیاری ناو عێراق و خاوەنی جەماوەرێکی بەرچاوە لەناوچە سوننە نیشینەکانی عێراقدا، لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانییشدا ئەم بەرەیە (٤٤) کورسی مسۆگەرکرد، لەزۆرێك لە ڕووداوەکاندا هەڵوێستی دیاریان هەبووە و تاڕادەیەکیش لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا وەك بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتوون.

ئەیاد سامەڕایی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی ئیسلامی و جێگری ئەمینداری حزبەکەیە و یەکێکە لەو ناوانەی کە بۆ سەرۆکی پەرلەمانی ئایندە لە لایەن بەرەی تەوافوقەوە ئاماژەی پێدەکرێت لە دیدارێکی تایبەت بە گۆڤاری لڤیندا تیشکی خستە سەر هەڵوێستی حیزب و کوتلەکەیان لەسەر ڕووداو و دوایین گۆڕانەکانی سەر ساحەی سیاسی عێراق.

د. سامەڕایی لە بارەی هەڵوێستی حزبەکەیان و بەرەی تەوافوق بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە وتی " بە تەوافوقی سەرجەم هێزەکان نەبێت، دۆخی عێراق بە ئاسانی ناگوزەرێت، بەرەی تەوافوق لە پێشەوەی ئەوانەدایە کە بانگەشەی پێکهاتنی حکومەتێکی نیشتمانی و تەوافوقی هێزەکان دەکەن، ئەم قۆناغە بە تەنها کۆششی لایەنێك تەواو نابێت "

بەرەی تەوافوق لە پێشەوەی ئەو هێزانەیەداو لە پرۆژەی بەرنامەی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنیاندا ئەوە هاتووە کە دەستور دەبێت گۆڕانی بەسەردا بێت لەم بارەیەوە (سامەڕایی) دەڵێت " تێبینی زۆرمان لەسەر دەستور هەیە، چونکە لە قۆناغێکدا دەستور دانرا پەلەی تێدا کرا، ئەبێت دەستور تەفاهومێك بێت لە نێوان سەرجەم لایەنەکاندا " هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە تەنها حزبی ئیسلامی نییە ڕەخنەی لە دەستور هەیە، بەڵکو ڕاپۆرتێکی (UN) لە بارەی دەستورەوە دەڵێت( کە دەستوری عێراقی دستورێکی پەرتکەرە) ئێمە تێبینییمان هەیە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و سەروەتی عێراق و مەسەلەی شوناسی عەرەبی بۆ عێراق "

ئەو درێژەی بە قسەکانیدا لە بارەی پێکهێنانی حکومەتی ئایندە و پشکی ئەوان لەو حکومەتەدا و وتی" ناکرێت هیچ هێزێك لە عێراقدا پەراوێز بخرێت، بۆ ئێمە وەکو بەرەی تەوافوق گرنگ نییەچەند وەزارەتمان هەبێت، بەڵکو



ئەرکێکی قورس لەسەر پەرلەمانی کوردستانە بۆ دژایەتی گەندەڵی "

گرنگ ئەوەیە بەپێی ڕێژەی خۆت دەستت هەبێت لە بڕیاردانی حکومەتدا، چونکە حکومەت واتە بڕیاردان "

ئەو بەرپرسەی حیزبی ئیسلامی پەیوەندییان هەرێمی کوردستان و لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بە کارێکی دەستوری وەسفکرد و وتی" هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەستورییەوە جێگیرکراوە، هیچ کێشەیەکمان لەگەڵییدا نییە، پێویستە لە ڕوانگەی دەقی دەستورییەوە کە دانراوە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا مامەڵە بکرێت "

ئەیاد سامەڕایی حکومەتی هەرێم بەواقیعێك دەزانێت و مامەڵەکردنیش لەگەڵییدا وەك واقیعێك بە تاکە چارەسەر دەزانێت.

سامەڕائی هەڵوێستی حیزبەکەیان لەسەر کەرکوك بەمەسەلەیەکی ئاڵۆز لەقەڵەمدا و وتی " کەرکوك مەسەلەیەکی چەند سەرەیە، جیاوازی هەیە لەبۆچووندا کە ئایا کەرکوك وەك پارێزگا سەیر بکرێت یاخود وەکو شارێك، کەرکوك کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحیی لێیە، لەڕاستییدا چارەسەرێکی دەستووری هەیە کە دەبێت بەدوایدا بڕۆین کە ئەویش (( ڕاپرسیی ))یە و لەدەستووردا دیاریکراوە، بەڵام دووبارە لەوەشدا کێشەی ئاساییکردنەوە هەیە، کورد و عەرەب و تورکمان لەوبارەیەشەوە تێبینییان هەیە، بۆیە چارەسەر بریتییە لە تەوافوقێکی هەمەلایەنە، دەبێت شتێك بکرێت تەعبیربێت لە ئیرادەی ڕۆڵەکانی ئەو پارێزگایە "

سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی لە عێراق و کوردستاندا، جێگری سەرۆکی حیزبی ئیسلامی دانیدەنێت بەوەدا کە " گەندەڵی لە سەرانسەری عێراقدا هەیە، وەکچۆن لە ناوەڕاست و باشووردا گەندەڵی هەیە، لە کوردستانیشدا هەیە، دەبێت ئیجرائاتێکی تەواو بگیرێتە بەر بۆ بەرگرتن لەم دیاردەیە. ئەرکێکی قورس لەسەر پەرلەمانی کوردستانە بۆ دژایەتی گەندەڵی "

حیزبی ئیسلامی زۆرجار وەك ڕێکخراوێکی سەربە(( ئیخوان ئەلموسلیمین)) لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە لەقەڵەمدراوە، ئەیاد سامەڕائی نکوڵی لەوە دەکات کە حیزبەکەی وەك ڕێکخستن سەر بە ئیخوان بێت، بەڵکو دەڵێت ئیخوان قوتابخانەیەکی فیکریی بووە لەسەرەتادا، لەجیهانیشدا چەندین بزاڤ هەیە کە پەیوەستن بە ئیخوان ئەلموسلمینەوە، هەموو ئەوانەی بزوتنەوەکانی کە پەیوەستن بە ئیخوانەوە پەیوەندییەکی تەنسیقییان هەیە نەك ڕێکخراوەیی، حیزبی ئیسلامیی لەگەڵ ئیخواندا ڕاوێژ و پەیوەستەگی هەیە، نەك ڕێکخراوەیی "

سەبارەت بە پەیوەندیشیان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامییدا دەڵێت " کۆمەڵێك بیرکردنەوە و بۆچوونی هاوبەش لەنێوانماندا هەیە، چونکە هەردووکمان لەیەك قوتابخانەوە هاتووین، لەگەڵئەوەشدا هەندێك جیاوازیمان هەیە "

لەبارەی تیرۆر و هێزە تیرۆریست و بەرگریکارەکان سامەڕائی ووتی " لە عێراقدا موقاوەمە هەیە و تیرۆریش هەیە، لەهەندێك جێگەدا بەرگرییە و لە هەندێکیشیاندا ئیرهاب، هەر هێرشێك و کردەیەکی سەربازی دامودەزگا و بارەگا بیانییەکان بگرێتەوە، ئەوە دەچێتە ریزی موقاوەمەوە، ئەوەش وەك مافێکی ئاسایی هاولاتیانە بۆ ئازادکردنی ولاتەکەیان لە بوونی هێزە بیانییەکان. ئەگەرچی قسەمان لەسەر باشی و خراپی ئەو کردەوانەش هەیە لە کاتی ئێستادا "

سامەڕائی کوشتنی مەدەنی و تەقاندنەوەی شوێنە گشتییەکان و ناوبازاڕی بە کاری تیرۆریستی لەقەڵەمدا و ئیدانەی ئەو کارانەشی بە توندیکرد.